


# سکاینەرێکی بێ وایەری پورتەبڵ

سـکاینەر ئەو ئامێرەیە کە ئەرکی سکانکردن واتە کۆپی کردنی دەق، وێنە بۆ سەر کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە، بەزۆری سکاینەر ئامێرێکە قەبارەیەکی گەورەی هەیە و لەتەنیشت کۆمپیوتەری سەرمێز دادەندرێت..

لەم دواییـەدا کۆمپانیـای زیراکس سـکاینەرێکی بچووکی بـێ وایەری بەرهەم هێنا کە کێشـەکەی تەنیا ٦٠٠ گرامە و بەهۆی قەبـارەی بچووکیەوە دەتوانیـت لەجانتای لاپتۆپەکەی بخەی و لەهەر شوێنێك ئەرکەکانتی پێ ئەنجام بـدەی. سـکاینەرەکە بـۆ بەرێکردنی فایلـەکان بۆ سـەر کۆمپیوتەر لەکارت میمۆری جۆری SD Eye-Fi سوود وەردەگرێت.

سـکاینەرەکە دەتوانێت دەقەکەی ئێوە هـەم وەك وێنە و هەم وەك PDF خەزن بکات. سـکاینەرەکە شـەحن دەبێتەوە و بەهەر جارێك شـەحن کردنـەوە دەتوانی ٣٠٠ لاپەڕەتان بۆ سکان بکات.

# ماوسێکی تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی



ماوسـی جۆری Naga hex ماوسـێکی نوێی کۆمپانیای Razer کـە کۆمپانیـای ناوبـراو چالاکییەکانی خۆی لەبـواری بەرهەمهێنانی ئامێـری تایبەت بەیاری ئەلکترۆنیدا چڕکردۆتەوە، ماوسەکە خاوەنی شـەش دوگمەیە هەروەك لەوێنەکەدا دیارە، دوگمەکان بۆ ئەنجامدانی فەرمانـە جۆراوجۆرەکانن کە لەیارییەکانـدا دێنە پێش. جگە لـەو تایبەتمەندییە دەکرێـت ١١ دوگمەی تریش بۆ دانانی پرۆگرام و پێسپاردنی فەرمانەکان بەماوسـی ناوبـراو دابندرێن.

# گشت ئەرکی ئامێرە کارەباییەکانی ماڵەوە بە مۆبایل بسپێرە

هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی کـە ئامێرە کارەباییەکانی ماڵەوە لەڕێگای مۆبایلەوە کۆنتـرۆڵ بکرێـن، لەلایـەن چەندین کۆمپانیـاوە بەردەوامـە و هەرجارەی ئامێرێکی نـوێ کە ببێتە هۆی ئەوەی کە مۆبایل کۆنترۆڵی ئامێرە کارەباییەکان بەدەسـتەوە بگرێ دێتە بەرهەم. دوایین بەرهەمـی کۆمپانیـای Belkin لەم بـوارەدا دوو ئامێـرن کـە بە Wemo ناسـراون.





ئامێـری Wemo Home control پلاکێکـی کارەبایـە کە بـۆ هەڵبـوون و کوژاندنـەوەی هـەر چەشـنە ئامێرێکـی کارەبای ماڵەوە سوودی لێوەردەگیرێت. ئامێری دووەم کە بە Wemo motion sensor ناسـراوە جوڵەی بەکارهێنەر هەست پێدەکا و کاتێك لەگەڵ ئامێرەکەی پێشوو کە ئاماژەمان پێـدا کار دەکەن دەتوانن بەجوڵەکانی ئێوە لەماڵەوە ئەرکەکان ئەنجام بـدەن، هەربۆیە بەهـۆی پرۆگرامێکی تایبەتەوە کە لەسـەر مۆبایل دادەندرێت هەمـوو ئەرکی ئامێـرە کارەباییەکانی ماڵـەوە لەڕێگای ئەو ئامێرانەوە ئەنجام دەدرێـت، وەك کوژانـەوەی گلۆپەکان، هەڵکردنی سپلیت، کوژانەوەی تەلەڤزیۆن و بەگشـتی هەر ئامێرێکـی کارەبایی ماڵەوە..



# پادێکی لەمسی وایەرلەیس بۆ مەودای 10 مەتر

پادی ماوس واتە ئەو دۆشەکەچەیەی کە لەژێر ماوسەکە دادەندرێت، ڕەنگە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام کە ئەم پادە لەمسییە وایەرلەیسە دەبینن تەواو بۆچوونتان دەگۆڕێت. ئەم پادە خۆی ئەرکی تاچ پادی سەر لاپتۆپ دەبینێ، واتە وەك ماوس وایە بەچەندین دوگمەی زیاترەوە، جگە لەدوگمەکانی لای ڕاست و چەپ شەش دوگمەی دیکەشی بۆ ئاسانکاری زیاتر و دانی فەرمانی زیاتر هەیە، هەروەها دەتوانی لەمەودای ١٠ مەتر دوور لەکۆمپیوتەرەکەت ئەرکەکانت ئەنجام بدەی، بەڵام ئەوکات دەبێ شاشەیەکی گەورەت هەبێت.



# تاماگا وێنەکان بە 360 پلە بەدەوری خۆیدا دەگرێت

وێنەی پانۆرامایی واتە ئەو وێنانەی کە لەگشت گۆشەیەکەوە دەتوانی سەیریان بکەی و ٣٦٠ پلە بەدەوری خۆیاندا گیراون، چەند ساڵێکە لەجیهانی دیجیتاڵیدا شوێنی خۆیان کردۆتەوە. گەلێك ئامراز و پرۆگرام هەن بۆ گرتن و دروستکردنی وێنەی پانۆرامایی، لەژمارەکانی پێشتری ئەم گۆڤارەشدا هەواڵی تۆپێکی کامێرامان بڵاوکردبۆوە کە وێنەی پانۆرامایی دەگرێت.

کامێرای Tamagoo ئەو کامێرایەیە کە دەتوانێت وێنەی پانۆرامایی دروست بکات و بۆ وەسەریەك خستنەوەی وێنەکان پێویست بەهیچ پرۆگرامێك ناکات. کامێراکە وێنەکان بەکوالیتی ١٤ میگاپیکسل دەگرێت. کامێراکە بەئاسانی بەکۆمپیوتەرەوە پێوەند دەدرێ و دەتوانیت بەسوود وەرگرتن لەسیستەمی بلوتوس و WiFi بەئاسانی وێنەکان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرێ بکەی.




# فلاش میمۆرییەک ترابایتێک داتا لە خۆیدا خەزن دەکات

فلاش میمۆری باشترین ئامێری ڕاگواستنەوەی داتاکانە، بەهۆی ئەوەی قەبارەکەی بچووکە و بەئاسانی هەڵدەگیرێت، فلاش میمۆرییەکان ڕۆژ بەرۆژ قەبارەی خەزنکردنی داتاکانیان زیاد دەکات، بەجۆرێك کە قەبارەی فلاش داکردنی داتا لەفلاش میمۆریدا گەیشتۆتە یەك ترابایت، فلاش میمۆری TB victorinox swiss کە بەرهەمی کۆمپانیای Victorinoxـە یەك ترابایت داتا لەخۆیدا خەزن دەکات. لەسەر ئەم فلاش میمۆرییە شاشەیەك هەیە کە قەبارەی داکردنەکەی نیشان دەدات.
فلاش میمۆری ناوبراو سیستەمی کۆد نهێنی لەسەردانانی هەیە، هەتا ئێستا ئەمە گەورەترین ڕێژەی خەزنکردنی داتایە لەفلاش میمۆریدا، چونکە زیاتر لەچەند کۆمپیوتەر لەخۆیدا داتا خەزن دەکات، بەڵام دەکرێ بڵێین بەنرخترین فلاش میمۆریشە، چونکە نرخەکەی دەگاتە دوو هەزار دۆلار!

## دوو هیدفۆنی نوێ



کۆمپانیای سێن هایزەر لەپێشانگای CES ٢٠١٢ دا، نوێترین هیدفۆنەکانی نیشاندا کە دوو هیدفۆنی جۆری HD٧٠٠ و HD٢٥DJ بوون. هیدفۆنی یەکەم ١٥٠ ئوهۆمە شەپۆلی دەنگی ١٠ هەتا ٤٢٠٠٠ هێرتزە. کێشەکەی ٢٧٣



## سایتی bitto-rent خزمەتگوزاری ئاپۆلۆدکردنی خۆی بێ سنوور دەکات

چەندین سایت و پرۆگرامی گرنگ هەن کە بە هۆیانەو دەتوانی فایل و دوکیۆمێنت و وێنەکانی خۆتی تێدا هەڵبگری و وەك هاردێکی گرنگ کە نە مەترسی لەناوچوون و تێکچوونی هەیە و نە گرفتێکی بۆ دێتە پێش سوودی لێوەربگری. چەند نموونەیەك لەم سایت و پرۆگرامە گرنگانە وەك: Dropbox, micrsoftbox,skydrive.... لەم دواییانەدا ئەندازیارانی سایتی Bit torren (خزمەتگوزاریەکی گرنگە بۆ بەرێکردنی فایلەکان) پرۆگرامێکی نوێیان داهێناوە کە بەهۆی پرۆگرامەوەکە دەتوانی فایلەکانی خۆت بەبێ سنوور لەئەنتەرنێت هەڵبگری، بەئاسانی وێنە، فیلم، گۆرانی یان هەر فایلێکی دیکە بپارێزی.



## وێبکەمی کۆمپیوتەرەکەت چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدات

زۆربەی ئەوانەی کە سوود لە کۆمپیوتەر وەردەگرن، زۆر گرنگی بە وێبکەمی کۆمپیوتەر نادەن و تەنیا بۆ چاتکردن سوودی لێوەردەگرن، ئەگەرچی وێبکەم چەندین ئەرکی دیکەی گرنگ ئەنجام دەدات وەك:

پاراستنی سیستەم: بەهۆی وێبکەم و چەندین پرۆگرامەوە کە پەیوەندیان بە وێبکەمەوە هەیە دەتوانیت بە باشی ئاگاداری ئەمنییەت ماڵ و شوێنی کارت بیت، بۆ نموونە دەکرێت بە دانانی پرۆگرامێکی زۆر سادەی وەك Yawcam لە رێگای دوورەوە ئاگاداری وەزعی ماڵ یان شوێنی کارت بیت. پرۆگرامی ناوبراو وێبکەمی کۆمپیوتەرەکەت دەکاتە کامێرای شاراوەی ماڵ یان شوێنی کار، بچووکترین جوڵە لە ماڵەکە بێت تەنانەت جوڵەی پشیلەیەکیش وێبکەمەکە تۆماری دەکات و ئەگەر هێڵی ئەنتەرنێتیش هەبێت، هەر خودی پرۆگرامەکە بۆ شوێنی مەبەست سات بەسات ماڵ یان شوێنی کارت نیشان دەدات.

## له سێن هایزەرەوە



گرامـــە. هیدفۆنـــی دووەم لەماددەی ئەلومینیۆم پێکهاتووە تایبەتە بە ئایپاد و ئایفـــۆن کە مایکێکـــی تایبەت بە وەڵامدانەوەی پێوەندییەکانی تێدایە. شـــەپۆلی دەنگی لەنێـــوان ١٥ هەتا ٢٢٠٠٠ هێرتزە.

## مۆبایلیش دەبێتە خاوەنی شاشەی مەزن

ئەم شاشەی کە لەم وێنەیەدا دەیبینن، تایبەت نییـــە بەکۆمپیوتەر، یان تەبلێت، یان TV... ئەو شاشـــە تەواو لەمســـیە ٢٣ ئینجە، کە دەتوانێ لەیەك کاتدا ١٠ خاڵی لەمس دەست نیشان بکات بەجۆری TDI٢٣٤٠ ناســـراوە، بەهـــۆی کارتی تۆری وایەرلەیســـەوە دەتوانێت بەهەموو ئامێرێك کە لەسیســـتەمی wi-fi هەبێت پێوەنـــد بدرێت. بەهۆیـــەوە دەتوانن فایل و وێنـــە و ڤیدیۆکانی ســـەر فایلەکەتان لەســـەر شاشـــەیەکی مەزن ببینن. یان تەنانەت شاشە مەزنەکە بکەن بەشاشەی دووەمی مۆبایلەکەتان، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەو شاشـــەیە ئەوەیەکە دەتوانن بەهۆیەوە سوود لەیوتیوب و نیت فلیکس و مۆبایل ئاماژە بکرێت.






## هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیارێـــک

خوێنەرێکی بەڕێزمان گرفتێکی بۆ هاتۆتە پێش و هەربۆیە پرسیار دەکات و دەڵێت، من تێکســـتێکم هەیە کە لەناو تێکستەکەدا دەقی ئینگلیـــزی هەیـــە لەگەڵ دەقی کوردی، واتـــە لـــەو دوو دەقانە پێکهاتووە، گەر بمەوێ گۆڕانێك لەسایزی فۆنتی کوردییەکەدا بکەم، دەقە ئینگلیزییەکـــەش گۆڕانی بەسەردادێت، چ هەنگاوێك بگرمە بەر کە تەنیا گۆڕان بەسەر دەقی کوردی دابێت؟

خوێنەری بەڕێز بۆ چارەسەری ئەم گرفتە لەســـەرەتادا گشـــت تێکستەکە select واتە "تحدید" دەکەی کە ئەویش بەداگرتنی دوو دوگمـــەی Ctrl و دوگمەی A دوای ئەوە دوگمەی لای ڕاستی ماوســـەکەت دادەگـــری و لـــەو شـــریتەی کە دەکرێتەوە فەرمانی font هەڵدەبژێـــری و دواتـــر پەنجەرەیەك دەکرێتەوە کە لەودا دوو فۆنتی کوردی یان عەرەبی لەگەڵ فۆنتـــی ئینگلیـــزی دەکرێتەوە، گـــەر بەنیـــازی گۆڕانـــکاری لەهـــەرکام لـــەو فۆنتانە بکەی، ئـــەوە لەفەرمانەکانـــی تایبەت بـــەودا گۆڕانـــکاری پێکدێنی، وەك گۆڕینی ســـایز، گۆڕینی فۆنت...تاد.